خودا سەر زەوی پێنیشاندام، ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوایم بینی، ومووڵک ودەسەڵاتی ئومەتەکەم دەگاتە ئەوپەڕی ئەو شوێنانەی پێم نیشاندرا، ودوو گەنجینەم پێبەخشراوە سوور وسپی

لە سەوبانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خودا سەر زەوی پێنیشاندام، ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوایم بینی، وموڵک ودەسەڵاتی ئومەتەکەم دەگاتە ئەوپەڕی ئەو شوێنانەی پێم نیشاندرا، ودوو گەنجینەم پێبەخشراوە سوور وسپی. وداوام لە پەروەردگارم کرد: کە ئومەتەکەم لەناو نەبات بەهۆی وشکەساڵیەک کە هەموویان بگرێتەوە، ودوژمنێک زاڵ نەکات بەسەریاندا لە جگە لە خۆیان بە شێوەیەک کە بنچینە ودەسەڵاتی هەموویان لەناو ببات. وپەروەردگارم فەرمووی: «ئەی موحەمەد، ئەگەر من لە قەدەردا بڕیارم لەسەر شتێک دابێت ئەوا ڕەت ناکرێتەوە -دەبێت جێبەجێ ببێت-، من بەخشیم بە ئومەتەکەت کە لەناویان نەبەم بەهۆی وشکەساڵیەک کە هەموویان بگرێتەوە، ودوژمنێک زاڵ نەکەم بەسەریاندا لە جگە لە خۆیان کە بنچینە ودەسەڵاتیان هەمووی لە ناو ببات ئەگەرچیش هەرچی هەیە لە دەوروپشتیان لە دژیان کۆببنەوە -بۆ لەناو بردنیان-؛ هەتا ئەو کاتەی هەندێکیان هەندێکی تریان دەکوژن وبە دیلیان دەگرن». و (البرقاني) لە سەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە، وئەم ڕستە زیادانەیشی گێڕاوەتەوە: «من لەسەر ئومەتەکەم دەترسم لە پێشەوا گومڕاکەرەکان، ئەگەر شمشێر -کوشتن و لەناوبردنی یەکتر- کەوتە نێوانیانەوە ئەوا هەڵناگیرێت هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت، وقیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو کۆمەڵانێک لە ئومەتەکەم شوێنی موشریکەکان دەردەکەون، وکۆمەڵانێک لە ئومەتەکەم بت دەپەرستن، ولە نێو ئومەتەکەمدا سی درۆزن دەرکەون؛ هەموویان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پێغەمبەرن، من کۆتا پێغەمبەرم وهیچ پێغەمبەرێک لە پاش منەوە نایەت، وهێشتا کۆمەڵانێک لە ئومەتەکەی من لەسەر هەقن وسەردەخرێن وئەوەی بیەوێت سەرشۆڕیان بکات ودژیان بوەستێتەوە زیانیان پێناگەیەنێت هەتاوەکو فەرمانی خوای گەورەی بەرز وپیرۆز دێت».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودە مەزنە گەلێک بابەتی گرنگ وهەواڵی ڕاستی تێدایە کە ڕاستگۆترین مرۆڤ دەیگێڕێتەوە -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە خوای گەورە زەوی هێنایە پێش چاوی وبینی مولک ودەسەڵاتی ئومەتەکەی دەگاتە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای سەر زەوی، وئەمیش ڕاستیەکی مێژوویی چونکە مولک ودەسەڵاتی مسوڵمانان گەیشتە ئەوپەڕی ڕۆژئاوا وڕۆژهەڵاتی زەوی لە پاش چەند سەدەیەکی کەم، وهەواڵی ئەوەی دا کە دوو گەنجینەی پێدەبەخشرێت وئەمیش ڕوویدا، مولکی کیسرا وقەیسەر بەو هەموو ئەو گەنجینەی هەیانە لە ئاڵتون وزیو کەوتە دەست ئومەتەکەی، وباسی ئەوەی کرد کە داوای لە پەروەردگاری کرد کە ئومەتەکەی بە شێوەیەکی گشتی تیا نەچن بەهۆی وشکەساڵیەوە وهیچ دوژمنێک لە کافرەکان زاڵ نەکاتە سەریان کە دەست بە سەر وڵاتەکەیاندا بگرێت ولە بنچینەوە هەموویان لە ناو ببات، وخوای گەورە داوای یەکەمی پێی بەخشی، وداوای دووەمی پێی بەخشی ئەگەر ئومەت خۆی دوور بگرێت لە ناکۆکی ودووبەرەکی لە نێوان خۆیاندا؛ ئەگەر ناکۆکی ڕوویدا لە نێوانیان ئەوا خوای گەورە دوژمنی دەرەکی زاڵ دەکاتە سەریان، وئەمیش ڕوویدا بەو شێوەیەی کە باسیکرد وئومەت ناکۆک وپارچە پارچە بوون. پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ترسا لەسەر ئومەتەکەی لە دەسەڵاتدار وزانای گومڕاکەر: چونکە خەڵکی شوێنیان دەکەون. وهەروەها هەواڵی ئەوەی دا ئەگەر ناکۆکی وفیتنە وکوشتار کەوتە نێوان ئومەتەوە ئەوا هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت بەردەوام دەبێت؛ وئەمیش ڕوویدا بەو شێوەیەی ئەو باسیکرد، لە کاتی فیتنەی سەردەمی ئیمامی عوسمانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە تێیدا کوژرا هەتاوەکو ئەمڕۆ فیتنە وناکۆکی بەردەوامە، وباسی ئەوەی کرد هەندێک کۆمەڵ لە ئومەتەکەی شوێنی بێباوەڕان وموشریکەکان دەکەون لە دینەکەیان و لەگەڵ ئەواندا نیشتەجێ دەبن لە خاکەکانیان؛ وئەمیش ڕوویدا بەو شێوەیەی کە باسیکرد، و گۆڕ وبەرد ودار پەرستران، وباسی ئەوەی کرد کە چەند کەسێک دەردەکەوێت کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن بەڵام هەموویان درۆزنن چونکە پێغەمبەرایەتی بە ناردنی ئەو تەواو بوو -صلی الله علیه وسلم-، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- موژدەی

ئەوەی دا کە کۆمەڵێک لە ئومەتەکەی لەسەر ئاینی ئیسلام دەمێننەوە سەرەڕای ئەم فیتنە وکارەسات وناڕەحەت وتـاقیکردنەوانەش، وئـەم کۆمەڵەیـە کـەس نـاتوانێت هیـچ زیانێکیـان پێبگەیەنێـت سـەرەڕای پیلانـی دوژمنـان وبەرهەڵستکاران.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3337